# هۆکارەکانی کامەرانی ئوممەتی ئیسلامی

# أسباب سعادة الأمة الإسلامية

< kurdish - كوردی - كردي >

شێخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز

الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

وەرگێڕانی: کاروان ڕەشید محی الدین
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عزیز

ترجمة: كاروان رشيد محي الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# هۆكارەكانی كامەرانی ئوممەتی ئیسلامی(1)

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه، أما بعد:

ئەی گرۆهی موسڵمانان: ئەوەی گومانی تێدا نیە لەلای هەموو كەسێكی خاوەن ژیری ئەوەیە: لەپێش ئیسلام گەلانی پێشوو شەپۆلێكیان ڕووبەڕوو بویەوە، سەرئەنجام ئەو شەپۆلە ڕێگای داخستنی نیشان دان، ئوممەتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم چاكترینی ئوممەتان و تایبەترین ئوممەتیش بەئاراستەی فەرمانكردن بە چاكەو ڕێگری كردن لە خراپەو بانگەواز كردن بۆ خێرو چاكە، ئەمەش وەك پەیوەست بوون و پەیڕەوی كردنی پێشەواو پێغەمبەرەكەیان صلى الله عليه وسلم، كە لە هۆكارەكانی كامەرانی و بەختەوەرییانە لە دونیاو دواڕۆژدا.

لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە بەپێی تواناو زانست و زانیاری، بە گەرم و گوڕییەوە هاوكار بێت لە ئامۆژگاری و فەرمانكردن بە چاكەو ڕێگری كردن لە خراپە هەتا گەردنی پاك ڕابگرێت و كەسانی تریش ڕێنمونی وەربگرن.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (2). واتە: {جنۆكەو ئادەمیزادم بۆ ئەوە دروست كردووە بەندایەتی من بكەن.} هیچ گومانی تێدا نییە هەموو باوەڕدارێك و تەنانەت هەموو مرۆڤێك پێویستی بە وەبیرخستنەوەی مافەكانی خواو مافەكانی بەندەكان هەیەو هاندانیەتی بۆ جێبەجێكردنی ئەمانە، هەموو كەسێكیش پێویستی زۆری بە ئامۆژگاری كردن هەیە بۆ پەیوەست بوون بە هەق و ئارامگری لەسەری.

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا هەواڵمان دەداتێ سەبارەت بە سیفەتی كەسە قازانج كەرەكان و كردەوە جوانەكانیان و، سیفەتی زیان مەندان و ڕەوشتە سەرزەنشت كراوەكانیان، ئەمەش لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ كراوە، گشتگیرترینیشیان ئەوەیە كە لە سورەتی "العصر" دا باسی كردوە، وەك دەفەرمووێت ﴿وَالْعَصْرِ ۝١ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ۝٢ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ۝٣﴾ (1). واتە: {سوێند بێت بە كات. بێگومان هەموو خەڵكی لە زیاندان. مەگەر ئەوانەی كە بڕوایان هێنابێت و كردەوە چاكەكانیان كردبێت و ئامۆژگاری یەكتریان كردبێ بەئاینی ڕاست و وەئامۆژگاری یەكتریشیان بە ئارامگرتن كردبێت.} خوای پەروەردگار لەم سورەتە كورت و گەورەیەدا ڕێنمایی بەندەكانی دەكات بەوەی هۆكارەكانی بردنەوەو قازانج لە چوار سیفەتدا كورت دەبنەوە ئەوانیش بریتین لە:

یەكەم: باوەڕ هێنان بەخواو پێغەمبەری خوا .

دووەم: كردەوەی چاك.

سێیەم: ئامۆژگاری كردنی یەكتری لەسەر هەق و ڕاستی.

چوارەم: ئامۆژگاری كردنی یەكتری لەسەر سەبرو ئارامگری.

هەركەسێك ئەم چوار پلەوپایەیە بەتەواوەتی لەخۆیدا بەرجەستە بكات ئەوە بەدڵنیاییەوە گەورەترین قازانجی كردوەو لەلایەن پەروەردگارییەوە بە شیاوی ئەوە دانراوە ڕێزی لێ بگیرێت لەناو نازو نیعمەتی هەمیشەیی نەبڕاوەی ڕۆژی دواییدا، هەركەسێك لەو سیفەتانە لابدات و هاوخوو نەبێت لەگەڵیاندا ئەوە دوچاری گەورەترین زیان دەبێت و دەچێتە ناو ئاگرەوە، وە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا سیفەت و جۆری ئەو كەسە قازانج كەرانەی ڕونكردوەتەوەو لە زۆرێك بابەتدا ئەم باسەی دووبارە كردوەتەوە، لەزۆرێك لە ئایەتەكانیشدا سیفەتی زیانمەندانی ڕوونكردوەتەوە، ئەمەش لەو پێناوەدایە هەتا باوەڕدار ئەو كەسانەو سیفەتەكانیان بناسێتەوەو لێیان دوور بكەوێتەوە. هەركەس قورئانی پیرۆز زۆر بخوێنێتەوەو لێی ڕابمێنێت ئەوە بەدرێژی بە سیفەتی براوەو سیفەتی دۆڕاوەكان ئاشنا دەبێت، وەك لە پێشەوە بە درێژی هێمامان بەچەند ئایەتێك كردو لەوانەش خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ هَٰذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ

(1) مجموع الفتاوى ومقالات متنوعة (5/94- 100).
(2) الذاريات: 56.

﴿الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا﴾ (2). واتە: {بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنمونی دەکات بۆ ڕێبازو بەرنامەیەک کە ڕاست ترینەو موژدەش دەدات بەو باوەڕدارانەی کردەوە چاکەکان دەکەن، بەڕاستی پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە.}

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ (3). واتە: {"ئەم قورئانە" کتێبێکی پیرۆزە ناردومانەتە خوارەوە بۆ تۆ، بۆ ئەوەی بیر لە ئایەتەکانی بکەنەوەو خاوەنانی بیرو ژیری پەندی لێ وەربگرن.}. لە شوێنێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ (4). واتە: {ئەم قورئانە پیرۆزە بەفەرمان ناردوەتە خوارەوە، کەواتە ئێوەش شوێنی بکەون و خۆتان بپارێزن "پارێزکار بن" تا ڕەحمتان پێ بکرێت.}

وە بە سەحیحی لە پێغەمبەری خۆشەویستەوە صلى الله عليه وسلم گێردراوەتەوە کە فەرموویەتی: {خيركم من تعلم القرآن وعلمه}(5). واتە: چاکترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێر دەبێت و خەڵکی تریش فێر دەکات. لەوتاری ڕۆژی عەرەفەی حەجیماڵئاواییشدا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە هەموو ئەو کەسانەی ڕاگەیاند کە لەسەر کێوی عەرەفە ئامادەبوون و فەرمووی: {إني تارك فيكم ما لن تضلوا إن اعتصمتم به كتاب الله} (6).

واتە: من شتێکم لەناوتاندا بەجێ هێشتوە، هیچ کات گومڕا نابن ئەگەر دەستی پێوە بگرن، ئەویش بریتییە لە قورئانی پیرۆز. خوای گەورە لەو ئایەتانەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە قورئانی بۆ ئەوە دابەزاندوە هەتا بەندەکان بیری لێ بکەنەوەو لێی وردببنەوەو بەهۆیەوە یادی پەروەردگار بکەن و شوێن ئەو قورئانە بکەون بەئامانجی گەیشتنیان بەهۆکارەکانی کامەرانی و شادومانی و شکۆ و ڕزگاربون لە دونیاو دواڕۆژدا، پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم ڕێنمایی کردوون بۆ فێربونی قورئان و شارەزا کردنی کەسانی دیکەش، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە چاکترینی خەڵکی ئەهلی قورئانن ئەوانەی کە خۆیان فێری قورئان دەکەن و کەسانی دیکەش شارەزا دەکەن بۆ کار پێکردنی و شوێن کەوتنی و وەستان لەو سنورانەدا کە قورئان دیاری کردون و، کردنی بە فەرمانڕەواو گەڕاندنەوەی کێشەو گرفتەکانمان بۆ لای قورئانی پیرۆز بەمەبەستی بڕیار لێدانی.

هەروەها پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەناو ئەو کۆمەڵە گەورەیەی ڕۆژی عەرەفەدا ئەوەی بۆ خەڵکی ڕوون کردەوە بەوەی ئەوان هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەست بگرن بەقورئانی پیرۆزو لەسەر ڕێنماییەکانی بڕۆن. وە کاتێک پێشینە چاکەکانمان و چینی یەکەمی ئەم ئوممەتە دامەزراو و جێگیربون لەسەر شارەزابونی قورئان و ژیانی پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم ئەوەبوو پەروەردگار سەربەرزی کردن و پلەو پایەی بەرز کردنەوەو لەسەر زەویدا دەسەڵاتی پێ بەخشین ئەمەش وەک هێنانەدی ئەو بەڵێنەی کە پێیانی دابوو بەوەی کە دەفەرمووێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (55) وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ (7). واتە: {خوا بەڵێنی داوە بەو کەسانەتان کە باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردوە، بێگومان دەیانکاتە جێنشینی "خەڵکی تر" لە زەویدا، هەروەک ئەوانی "ئیماندارانی" پێش ئەمانی کردە جێنشین، وە ئاینەکەیان بۆ دەچەسپێنێت، ئەو "ئاینەی" کە خوا پێی ڕازی بووە بۆیان، وە ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئاسایش و ئارامی "لەو کاتەدا" ئیتر هەر من دەپەرستن و هیچ هاوبەشێکم بۆ بڕیار نادەن، وە هەرکەس بێ بڕوا بێت دوای ئەوە "بەدیهاتنی بەڵێنەکان" ئەوە بەڕاستی هەر ئەوانەن دەرچوون لە ڕێگەی خوا. نوێژ بەجێبهێنن و زەکات بدەن و گوێڕایەڵی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بکەن، تا خوا ڕەحمتان پێ بکات}. هەروەها: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾ (8).

واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە یارمەتی "ئاینی" خوا بدەن، خواش ئێوە زاڵ و سەرکەوتوو دەکات "بەسەر بێباوەڕاندا"، وە پێیەکانتان جێگیر دەکات "لە جەنگدا خۆڕاگرتان دەکات".}

---

(1) العصر.
(2) الأسراء: 9.
(3) ص: 29.
(4) الأنعام: 155.
(5) أخرجه البخاري: كتاب الفضائل القرآن، باب خيركم من تعلم القرآن وعلمه، رقم (5027).
(6) أخرجه مسلم: كتاب الحج، باب حجة النبي، رقم (1218).
(7) النور: 55- 56.
(8) محمد: 7.

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (40) الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ ۗ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ (1).

واتە: {بێگومان خوا یارمەتی کەسانێک دەدات و سەریان دەخات کە یارمەتی "ئاینی" خوا دەدەن، بەڕاستی خوا بەهێزو باڵادەست و بەتوانایە. ئەوانەی ئەگەر دەسەڵاتمان پێدان لەسەر زەویدا، بە چاکی نوێژ بەجێ دەهێنن و زەکات دەدەن و فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری لە خراپەش دەکەن، بێگومان سەرئەنجامی هەموو کارەکان تەنها بەدەست خوایە.}

ئەی گرۆهی موسڵمانان: لە قورئانەکەی پەروەردگارتان ڕابمێنن و زۆر بیخوێننەوە ئەوەی تیایەتی لە فەرمانەکانی جێبەجێی بکەن و لە قەدەغەکراوەکانیشی دوور بکەونەوە، ئەو ڕەوشت و کردەوانەش بناسن کە قورئان ستایشی کردوون و بەخێرایی بەرەو ڕوویان بڕۆن و خۆتانیان پێ برازێننەوە، ئەو ڕەوشت و کردەوانەش بناسن کە قورئان سەرزەنشتی کردوون و بەڵێنی ئاگری بەئەنجامدەرانی داوە بە ئامانجی خۆپاراستن و دوور کەوتنەوە لێیان و ئامۆژگاری کردنی یەکتری لەوەی لەنێواندایە بەو فەرمانانەو، ئارامگربن تا ئەو ساتەی بە پەروەردگارتان دەگەنەوە، بەو شێوەیەش شیاوی ڕێزو سەرکەوتن و ڕزگاربون و کامەرانی و شکۆن لە دونیاو دواڕۆژدا.

لە گرنگترین ئەرکەکانی سەرشانی موسڵمانان گرنگیدانە بەسوننەتی پێغەمبەری خواو  خۆ شارەزاکردن و ڕۆیشتن لەژێر ڕوانگەی سوننەتەکانیدا، چونکە سوننەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلملەپاش قورئان بە نیگای دووەم دادەنرێت و، تەفسیرو ڕاڤەکەری قورئانی پیرۆزو ڕێبەری ڕوونکەرەوەی ماناو واتا شاراوەکانیەتی، هەروەک سەبارەت بەم بابەتە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ ۗ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (2). واتە: {لەگەڵ چەندین بەڵگەو پەڕاوی ئاسمانیدا قورئانیشمان بۆ تۆ نارد، بۆ ئەوەی ڕونی بکەیتەوە بۆ خەڵکی ئەوەی کە بۆیان نێردراوەتە خوارەوە، بەڵکو بیر بکەنەوەو تێبگەن.}، هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَاناً لِكُلِّ شَيْءٍوَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ (3). واتە: {ئێمە قورئانمان ناردوەتە خوارەوە بۆت کە ڕونکەرەوەی هەموو شتێکەو، ڕێنمونی و میهرەبانی و موژدەیە بۆ موسڵمانان} .

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ ۙ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (4). واتە: {وە ئێمە قورئانمان نەناردوەتە خوارەوە بۆت، مەگەر بۆ ئەوەی ڕوونی بکەیتەوە بۆ خەڵکی ئەوەی کە تیایدا جیاواز بوون، وە تا ڕێنمونی و میهرەبانیش بێت بۆ کەسانێک کە باوەڕ دەهێنن}، هەروەها دەفەرمووێت: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾(5). واتە: {سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا  بۆ ئێوە هەیە سەرمەشقی و پێشەوایەتی چاک، بۆ کەسێک بە هیوای خواو "پاداشتی" ڕۆژی دواییەو زۆریش یادی خوا دەکات}.

هەروەها: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (6).

واتە: {بانگ کردنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دامەنێن "نابێت" وەک بانگ کردنی خۆتان لە یەکتری "دەبێت بە ڕێزەوە بانگ بکرێت، وەک: ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، یا رسول الله "بەڕاستی خوا دەزانێ و ئاگادارە بەوانەی لەئێوە "بەبێ مۆڵەت" لە پەنای خەڵکی ترەوە دەردەچن و بەدزییەوە، جا بترسن ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەکەن، "لە دونیادا" بەڵاو تاقیکردنەوەیان توش ببێت، یان سزایەکی سەختیان "لە دواڕۆژدا" توش ببێت}.

ئەم ئایەتە پیرۆزانەی سەرەوە ئاماژەن بۆ پێویستی شوێنکەوتنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە گەورە زانینی سوننەتەکانی و پەیوەست بوون بە سوننەتەکانیەوە، ئایەتەکان هۆشداریمان دەدەنێ لەسەرپێچی کردنی سوننەتەکانی یاخود تەممەڵی کردن لە زۆربەی سوننەتەکانیداو پشتگوێ خستنیان و، فێرمان دەکەن بۆ بیر کردنەوە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو شارەزابون لەوەی کە لەلایەن پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم پێمان گەیەنراوە لە فەرمودە ڕاست ودروستەکان، بەدڵنیاییەوە ئیسلاح وچاکی وکامەرانی وشکۆ ورزگاربونی بەندەکان لە دونیاو دواڕۆژدا پەیوەستە بە شوێنکەوتنی قورئان وسوننەتی

(1) الحج: 40- 41.
(2) النحل: 44.
(3) النحل: 89.
(4) النحل: 64.
(5) الأحزاب: 21.
(6) النور: 63.

پێغەمبەری خواو صلى الله عليه وسلم بەگەورە زانینیان وئامۆژگاری پێ کردنیان لە هەموو کاروبارێکداو ئارامگرتن لەسەریان، هەروەک خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ لِمَا يُحۡيِيكُمۡۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَقَلۡبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ﴾ (1). واتە: {ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە وەڵامی خواو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بدەنەوە، کاتێک بانگتان دەکەن بۆ لای ئەو "ئاینەی" کە زیندوتان دەکاتەوە، بشزانن بەڕاستی "ویستی" خوا دەبێتە بەربەست لەنێوان ئادەمی ودڵیدا، "واتە ئەوپەڕی دەسەڵاتی هەیە بەسەر دڵی بەندەکانیدا"، وە بەڕاستی هەر لای ئەو کۆ دەکرێنەوە لە ڕۆژی دواییدا.}

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ (2).

واتە: {هەرکەس لە نێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێت و بڕواداریش بوبێت، ئەوە سوێند بەخوا بە ژیانێکی خۆش دەیان ژیەنین و سوێندبێت پاداشتیان دەدەینەوە بە چاکتر لەوەی ئەوان دەیان کرد.}

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ (3). واتە: {ڕێزو گەورەیی تەنها بۆ خواو پێغەمبەری خواو صلى الله عليه وسلم باوەڕدارانە، بەڵام دووڕووان نازانن.}

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا پەروەردگار ڕێنماییمان دەکات و پێمان ڕادەگەیەنێت ژیانێکی خۆش وئارام وئیسراحەت وسەربەرزییەکی تەواو بۆ کەسێ فەراهەم دێت کە وەڵامی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەداتەوەو بە کردارو گوفتار لەسەری بەردەوامە. وە هەرکەسێک پشت بکاتە قورئان وسوننەتی پێغەمبەری خواو صلى الله عليه وسلم خۆی بە جگە لەوانەوە سەرقاڵ بکات ئەوە بە بەردەوامی لە سزاو بەدبەختی و، خەم وپەژارەو ژیانێکی پڕ لە تەنگەبەریدایە، تەنانەت ئەگەر هەموو سەروەت وسامانی دونیاش هی ئەو بێت، پاشان لەو ژیانەوە بەرەو ژیانێکی زۆر سەختترو خراپتر دەگوێزرێتەوە ئەویش ئاگری دۆزەخە، پەنا بەخوای گەورە دەگرین ، هەروەک خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَمَا مَنَعَهُمۡ أَن تُقۡبَلَ مِنۡهُمۡ نَفَقَٰتُهُمۡ إِلَّآ أَنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ وَلَا يَأۡتُونَ ٱلصَّلَوٰةَ إِلَّا وَهُمۡ كُسَالَىٰ وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمۡ كَٰرِهُونَ ۝٥٤ فَلَا تُعۡجِبۡكَ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُمۡۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَتَزۡهَقَ أَنفُسُهُمۡ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ﴾ (4).

واتە: {وە هیچ شتێک نیە بەرگری ئەوانی نەکردوە کە گیرا بکرێت لێیان بەخشراوەکانیان، بێجگە لەوەی بێگومان ئەوانە بێباوەڕبوون بەخواو پێغەمبەرەکەیی صلى الله عليه وسلم وە نایەن بۆ نوێژ بە تەمەڵی نەبێت، وە "هیچ" شتێک نابەخشن ئیللا پێیان ناخۆشەو ناچارن. جا با سەرنجت ڕانەکێشێت "سەرسامت نەکات" "زۆری" ماڵ و دارایی و منداڵیان، بێگومان خوا دەیەوێت سزایان بدات، بەهۆی ئەو"ماڵ ومنداڵەوە" لەم ژیانی دونیایەدا، وە بەسەختی گیانیان دەربچێت لە کاتێکدا کە ئەوان بێباوەڕن} .

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ ۝١٢٣ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ﴾ (5). واتە: {جا ئەگەر "بە پێغەمبەراندا" پەیامتان بۆ هات لەلای منەوە، ئەوسا ئەوەی شوێنی ڕێنمونی من بکەوێت، ئەوە "لە دونیادا" گومرا نابێت و "لە ڕۆژی دواییشدا" توشی ناخۆشی و زەحمەت نابێت. هەرکەسێک ڕوو وەربگێڕێت لە ڕێبازو یادی من، ئەوە بێگومان ئەو کەسە گوزەرانێکی سەخت و تەنگی دەبێت "لە گۆڕدا"، وە لە ڕۆژی دواییشدا بە کوێری حەشری دەکەین.}

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَدۡنَىٰ دُونَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَكۡبَرِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ﴾ (6). واتە: {بەڕاستی ئێمە سزای دونیایان پێ دەچەژین، جگە لەسزای هەرە گەورەی "دۆزەخ"، تا بگەڕێنەوە بۆ لای خوا}، هەروەها: ﴿ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٖ

---

(1) الأنفال: 24.
(2) النحل: 97.
(3) المنافقون: 8.
(4) التوبة: 54- 55.
(5) طه: 123- 124.
(6) السجدة: 21.

﴿ وَإِنَّ ٱلۡفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٖ ﴾ (1). واته: {بەڕاستی چاکان لەناو نازو نیعمەتدان. خراپ وبەدکارەکانیش لەناو دۆزەخدان}

هەندێک لە ڕاڤەکارانی قورئان دەفەرموون: ئەم ئایەتە پیرۆزە بارودۆخی چاکەکاران و خراپەکارانی گشتگیرکردوە لە دونیاو دواڕۆژدا، مرۆڤی باوەڕدار لە دونیاو بەرزەخ و دواڕۆژدا لە خۆشگوزەرانیدایە، تەنانەت ئەگەر لە ژیانی دونیایدا دوچاری جۆرەها کارەسات لە هەژاری و نەخۆشی و جگە لەوانیش ببێتەوە، کەسی تاوانباریش لە دونیاو بەرزەخ و دواڕۆژیدا لە چەرمەسەری و نارەحەتیدایە، تەنانەت ئەگەر بگات بە هەموو ئەو نازو نیعمەتانەی دونیاش هیچ شتێکی ئەوتۆ نیە، چونکە خۆشگوزەرانی ڕاستەقینە بریتییە لە خۆشگوزەرانی و دڵنیایی و ئارامی دڵ. مرۆڤی باوەڕدار "بەهۆی باوەڕبون و پشت بەستنی بەخوای پەروەردگارو بێ نیازی ئەو لە هەرشتێکی تر بەهۆی پەروەردگارییەوەو جێبەجێکردنی مافەکانی خواو بەڕاست زانینی بەڵێنەکانی" بەردەوام دڵ و دەرون و ویژدانی دڵنیاو ئارامە.

مرۆڤی تاوانباریش "بەهۆی نەخۆشی دڵێ و نەفامی و گومان و پشت کردنە خواو پەلهاویشتنی بۆ داواکارییەکانی دونیاو هەواو ئارەزوو" لە سزاو ئەشکەنجەو نیگەرانی و ماندوبونی بەردەوامدایە. بەڵام سەرخۆشی و هەواو ئارەزوو ژێری و بیرکردنەوەی دڵ کوێر دەکاتەوە لە بیرکردنەوەو لەوەیشی هەست بە هەڵەکەی بکات. ئەی گرۆهی موسڵمانان هۆشیار ببنەوە سەبارەت بەوەی ئێوەی بۆ دروست کراوە ئەویش بریتییە لە پەرستن و گوێ ڕایەڵ بون بۆ خوای پەروەردگارو شارەزابون لە ئاینەکەیی و دامەزرابون و جێگیربون لەسەر ئەو ڕێگایە تا ئەو کاتەی بە پەروەردگارتان دەگەنەوە، بەو شێوەیە بەخۆشگوزەرانییەکی هەتا هەتایی سەردەکەون و لە سزاو ئەشکەنجەی دۆزەخیش پارێزراو دەبن.

پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ٣٠ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ٣١ نُزُلٗا مِّنۡ غَفُورٖ رَّحِيمٖ ﴾ (2).

واتە: {بەڕاستی ئەوانەی گوتیان خوا پەروەردگارمانەو لە پاشان ڕاست "لەسەر ئاین" بەردەوام بوون، فریشتەکان پۆل پۆل دێنە لایان "کاتی مردن یان زیندوبونەوە" "پێیان دەڵێن" کە مەترسن و خەفەت مەخۆن و موژدەبێت لێتان ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنتان پێ درابوو. ئێمە لە ژیانی دونیاو دواڕۆژیشدا پشتیوانی ئێوەین، وە لەو "بەهەشتەدا" هەرچی حەزی لێ بکەن بۆتان ئامادەیە، وە هەرچی داوا بکەن لەوێدا لە خزمەتتاندایە. ئەو ڕێزلێنان و میواندارییە لەلایەن خوای لێبوردەی میهرەبانەوەیە.}

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ١٣ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾ (3).

واتە:{بەڕاستی ئەوانەی دەڵێن پەروەردگارمان "الله" یە، پاشان بەردەوام بوون "لەسەر باوەڕەکەیان" ئەوە نە ترسیان لەسەرەو نە خەفەتیش دەخۆن. ئا ئەوانە بەهەشتین و بە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە، لە پاداشتی ئەو کردەوانەی کە دەیانکرد} داوامان لەخوایە ئێمەو سەرجەمی موسڵمانان لەبەهەشتییەکان بگێڕێت، پەناشی پێ دەگرین لە خراپەی نەفس و کردەوەکانمان، چونکە خۆی توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، وصلى الله على عبده ورسوله نبينا محمد وآله وصحبه.

---

(1) الانفطار: 13- 14.
(2) فصلت: 30- 32.
(3) الأحقاف: 13- 14.

IslamHouse.com